دکتور سالح ئیبراهیمی



# سوورەی فەتح ٢٩ ئایەتە

## سوورەی فەتح لە مەدینە هاتۆخوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٢٩ ئایەتە.

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

ئێمەین کە وەسەرمان ختی بەو سەرختنە بەرچاوە دیار و ئاشکرایە ﴿١﴾ هەتا خودا لە هەڵەکانی پێشووت و لەو هەڵانەی لەمە بەولاوە تووشیان دەبی عافووت بکا و چاکەی دوور لە کەمایەسیت لەگەڵ بکا و بتخاتە سەر ڕاستەڕێگا ﴿٢﴾ خودا یارمەتیت دەدا یارمەتی‌دانی وا فرە بەدەسەڵات بی ﴿٣﴾ خوا زاتێکە ئۆقرە و هەدای ختە نێو دڵ و دەروونی بڕواداران، تا بڕوا لەسەر بڕوایان زیاد بێ، و سپای ئاسمانەکان و زەوی تایبەتی خوایە و خوا فرە زانا و لەکارزانە ﴿٤﴾ (مەبەستی‌تر لەو سەرختنە) تا پیاوان و ژنانی بڕوادار بباتە نێو بەهەشتگەلێ کە ئاو بە ژێر دارەکانیدا بەهاژە دێ و دەڕوا، بۆ هەمیشە لەوێدان و تا هەڵە و کارە خراپە کانیان ببەخشرێ، ئەمە لای خوا سەرکەوتن و ڕزگارییەکی گەورەیە ﴿٥﴾ تا پیاوان و ژنانی دووڕوو و شەریکدانەرانی پیاوان و ژنانێ کە لە گومانی خراپدان سەبارەت بە خوا (ئەوانە) لە نێو بازنەی ئازاری دەردی خراپ گیریان خواردووە و خوا غەزەبی لێ گرتوون و پیسیان لێقەماوە و نەحلەتی لە هەموان کردووە، و جەهەندەمی بۆ ئامادە کردوون و چ دوارۆژیکی خراپ و ڕۆژەڕەشیان بۆ هەیە ﴿٦﴾ تایبەت بە خوایە سپای ئاسمانەکان و زەوی، بەرفەرمانی خودان و خودا فرە بەدەسەڵات و لەکارزانە ﴿٧﴾ ئێمە تۆمان (محەمەد) بە شایەد و مزگێنیدەر و ترسێنەر کل کردووە و ناردووە ﴿٨﴾ تا بە خوا و پێغەمبەری خوا بڕوا بێنن و یارمەتی بدەن و ڕێزی بۆ دابنێن و بە گەورەی بزانن، بەیانان و ئێواران پاکی و بێ‌خەوشی خوا بێژن ﴿٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

ئەوانەی کە بەیعەت بە تۆ دەکەن لە ڕاستیدا لەگەڵ خوا بەیعەت دەکەن و پەیمان دەبەستن و دەست و هێزی خوا لەبان هێزی ئەوانەوەیە، جا هەرکەس پەیمانشکێنی بکا تەنیا بە زیانی خۆی دەیشکێنی و هەرکەسیش بەو پەیمانە وەفادار بێ و بەجێی بێنێ، لە دوارۆژێکی زوودا خوا پاداشی گەورەی پێئەدا ﴿١٠﴾ ئەو عەرەبە کۆچەرانەی دوا کەوتبوون و ملیان بادا و لە جەنگ بەشدار نەببوون، بە تۆ دەڵێن: پاراستنی ماڵ و خاووخێزان، نەیانهێشت بگەینە ئێوە (و نەمانتوانی لەگەڵت بێینە خەزای حودەیبیە)، جا داوای لێخۆشبوونمان بۆ بکە، ئەوانە بە زمانی خۆیان ئەوە دەڵێن کە لە دڵ و دەروونیاندا نییە، بڵێ: جا چ کەسێ دەتوانێ لە بەرانبەر خوادا لە ئێوە دیفاع بکا، هەرکاتێ زیانێکی بۆ ئێوە بوێ و یا سوودێکی (بۆتان) بوێ، بەڵکوو خوا بەوەی دەیکەن لە ناخی ئاگایە ﴿١١﴾ نەخێر؛ بەڵکوو ئێوە واتان دەزانی پێغەمبەر و بڕواداران ئیتر هەرگیز ناگەڕێنەوە نێو ماڵ و خاووخێزانیان و جێتان بۆ ئەو خەیاڵە لە دڵتاندا خۆش کرابوو و دڵتان پێی خۆش بوو، گومانی بێجا و خراپتان دەکرد و ئێوە کۆمەڵێکی بێخێر بوون و سەرەنجام تیاچوون ﴿١٢﴾ هەرکەس بە خوا و پێغەمبەری خوا بڕوای نەبێ (جێی دۆزەخە)، ئێمە بۆ کافران ئاگری سووتێنەرمان ئامادە کردووە و کڵپە ئاگرمان تێ بەرداوە ﴿١٣﴾ موڵک و دەسەڵاتی ئاسمانەکان و زەوی تایبەتی خوایە، هەرکەس کە بیەوێ (و شیاویش بێ) لێی خۆش دەبێ و هەرکەسیش کە بیەوێ ئازاری ئەدا، و لێبور و فرە دڵاوێنە ﴿١٤﴾ هەر ئەوانەی لە (خەزای حودەیبیە دوا کەوتبوون ئێستا دەڵێن: هەروەختێ بەرەو گرتنی تالانێک چوون لێمان گەڕێن ئێمەیش بەشوێن ئێوەدا دێین، گەرەکیانە قسەی خوا بگۆڕن، بڵێ قەت ئێوە بەشوێن ئێمەدا نایەن، خوا لە پێشدا ئەمەی ڕاگەیاندووە؛ ئەوسا دەڵێن نەخێر؛ بەڵکوو ئێوە لە حاند ئێمە بەخێل و چاوچنۆکن نەخێر ئەوان تێناگەن ﴿١٥﴾

دکتور سالح ئیبراهیمی



بەو عەرەبە کـۆچەرانەی لە (خەزای حودەیبیـە) خۆیـان دزیبـۆوە بڵـێ هەر بەم زووانە بانگتـان دەکەن (بۆ شەڕ بچنە سەر گەلێکی (کوردی کاڵەمووبین) بـوێر و نەتـرس و شـەڕوان و سـەخت بەوزە کە لە جەنگیشدا گەڕناسن، جایا شـەڕیان لەگەڵ دەکەن یـان خـۆ بە دەسـەوە دەدەن؟ جا ئەگەر (بانگەوازەکە بە دڵ) ببەن بەڕێـوە، خـوا پاداشـی باشـتان پـێ‌دەدا؛ ئەگەر هەروەکـوو لە پێشدا (بۆ حودەیبیە) پشتتان هەڵکرد خۆتان بدزنەوە بە ئازار و عەزابێکـی دەرداوی ئازارتـان ئەدا (تەفسـیری کـوڕی کەسـیرو...) ﴿۱۶﴾ گازنـدە لە کـوێر نـاکرێ، گلەیـیش لەسـەر شـەل نییە، لەشبەبـاریش قەیـدی ناکـا (کە لە جەنگدا بەشـدار نەبـن: هەرکەسـیش بە فەرمـانی خـوا و پێغەمـبەری خـوا بکـا، ئەیبـاتە نێـو بـاغ و بەهەشـتگەلێ کە ئـاو بەخـوڕ بە بـن دارەکانیـدا تێدەپەڕێ، هەرکەسیش سەرپێچی بکا بە جەزرەبەی عەزابی دەرداوی ئازار ئەدرێ ﴿۱۷﴾ خـوا لە بڕوادارانێ کە لە ژێر ئەو دارەدا (لە غەدیر الاشطاط لە حودەیبیە) لەگەڵ تۆ بەیعەتیان کرد و پەیمانیان بەست ڕازی و خۆشنود بووە، خوا بەوەی لە دڵ و دەروونی ئەواندایە ئاگـا و زانـایە، جا ئۆقرە و دڵنیایی (سەکینەی) خستە نێو دڵ و دەروونی ئەوانەوە و سەرکەوتێکی نێزیکـی بە پاداش پێ‌دان ﴿۱۸﴾ ماڵی تالانی فرەیشیان دەس کەوێ، خوا فرە بەدەسەڵاتی لەکارزانە ﴿۱۹﴾ خوا دەسکەوت: تالانی زۆری بەڵێن پێ‌داون کە بە دەسی دێنن، جا (ئەمە غەنیمەتی خەیـبەرە کە) زۆرتر بۆ ئێوەمان سـاز داوە و دەسـتی مرۆڤـی (دەسدرێـژکەری) لە ئێـوە گێـڕاوەتەوە تـا نیشانەیەک بۆ بڕواداران بێ و بتانخاتە سەر ڕێگای ڕاست ﴿۲۰﴾ تالان و سـەرکەوتنانی تـریش هەن کە هێمان بە دەستتان نەهێناوە، بە هەقیقەت خوا دەسـی بەسـەریاندا ئەڕوا، خـوا بەسـەر هەمـوو شـتێکدا خـاوەن دەسـەڵاتە ﴿۲۱﴾ ئەگەر کـافران (لە حودەیبیـە) لەگەڵ ئێـوەدا جەنگیشیان بکردبا پشتیان دەکردەوە و ڕایاندەکرد، ئیتر دۆست و پشـتیوانێکیان بـۆ نەدەبـوو ﴿۲۲﴾ ئەمە شێوە و ڕێباز (قانوون)ی خوایە کە لە بەرا داڕێـژراوە و هەرگیـز بـۆ ڕێبـازی خـوا گۆڕانێ نابینی و گیری ناهێنی ﴿۲۳﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



خوا زاتێکە ئێوەی لە دەستی ئەوان پاراست و ئەوانیشی لە دەس ئێوە وەختێ لە ئاقار و نێو دڵی مەککە خودا کردی و ئێوەی بەسەر ئەواندا زاڵ کرد، خوا بەوەی دەیکەن بینایە ﴿۲۴﴾ ئەوانە کەسانێکن کافر بوون و بەری ئێوەیان لە (زیارەتی) مەسجدولحەرام گرتبوو نەیانهێشت بچنە مەککە، ڕێشیان نەدا قوربانی ئامادە کراوەکەی ئێوە (لە حودەیبیە) کە گلیان دابۆوە بگاتە جێی قوربانی کردنەکەی خۆی، ئەگەر پیاوان و ژنانی بڕوادار کە هێشتا نەتانناسیون و لە نێو خەڵکی خوانەناسانی مەککەدان (ئەگەر خوا بیهێشتبا شەڕ لەگەڵ خەڵکی مەککە بکەن، ئەو موسوڵمانانە بێ ئەوەی ئێوە پێی بزانن بە دەسی ئێوە بکوژرێن و ئێوەیش مشکولۆزمەیان ببن، مەبەست ئەمە بوو کە خوا هەرکەس کە بیەوێ بیباتە نێو بەزەیی و ڕەحمەتی خۆی، ئەگەر بڕواداران (لە مەککە) لاچووبان و جیا کرابانەوە، کافرەکانیانمان بە جەزرەبە و عەزابی دەردای ئازار ئەدا ﴿۲۵﴾ وەختێ خوانەناسەکان لە دڵ و دەروونەوە بادیهەوایی نەزانانەیان نواند (نەیانهێشت لە حودەیبیەوە بچنە مەککە) خوداش ئۆقرەی خستە نێو دڵ و دەروونی پێغەمبەری خۆی و بڕوادارانەوە (یارانی پێغەمبەر) و خوا ئەوانی لەسەر بڕوا و خۆپارێزی ڕاگرت کە ئەوانە بۆ ئەمە شیاوتر بوون، خوا بەسەر هەموو شتێکدا فرە ئاگایە ﴿۲۶﴾ خوا خەوندیتنی پێغەمبەری خۆی بە ڕاست گێڕا کە (وتبووی:) خوا حەز بکا، بێوەی دەچنە نێو ماڵی کابە و سەرتاشین و قرتاندنی پۆڕ و مووی سەر (یا قرتانی نینۆک) ئەنجام دەدەن، ناشترسن و خوا شتانێکی زانیوە کە ئێوە نەتانزانیوە (و لەم دوا خستنەدا حیکمەتێ هەیە)، بێجگە لەوە سەرکەوتێکی نێزیکی (بۆ ئێوەی بڕواداران) داناوە ﴿۲۷﴾ ئەو زاتێکە پێغەمبەری خۆی بە قورئان و دینی هەقەوە ناردووە تا ئەو بەسەر هەموو دینێکدا سەر بخا و زاڵی بکا، بەسە کە خوا شایەدی ئەمە بێ ﴿۲۸﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



محەمەد پێغەمبەری خوایە و کەسانێ کە لەگەڵ ئەودان لە راست کافراندا سەخت و توندن و لە نێو خۆیان پێکەوە دڵاوێن و بەبەزەن، ئەوانە لە کڕنۆش و سوژدەدا ئەبینی، ئەوانە چاکە و فەزڵی خوا و ڕەزای ئەو دەخوازن، دروشمی سوژدەبردنیان بە نێوچاوانەوە هەیە و دیارە وێنەیشیان لە تەوراتدا و نموونەیشیان لە ئینجیلدا شوبهێنراوە بە چناو و تۆمێکی چەقاو، ڕەگ و ڕیشەی بەرەو ژوور هەڵچووبێ هێزی زۆری دابێ و وەچەیێ فرەی دەرکردبێ و ئەستوور و قەوی بووبێ و لەسەر ساقەت و لاسک خۆی گرتبێ و جووتیار و وەرزێران سەیری بمێنن تا خوانەناسان لە دەروونەوە خۆیان بخۆنەوە؛ ئەوانەی بڕوایان هێناوە و کاری چاکیان ئەنجامداوە خوا بەڵێنی لێبوردن و پاداشی گەورەی پێ داون ﴿٢٩﴾

## سوورەی حوجورات: هۆدەکان ١٨ ئایەتە

**سوورەی حوجورات لە مەدینە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ١٨ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە، لە خوا و پێغەمبەری ئەو پێش مەکەون، لە خوا بترسن، خوا فرە ژنەوا و زانایە ﴿١﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە، دەنگی خۆتان مەخەنە بان دەنگی پێغەمبەر، لەگەڵ ئەو بە دەنگی بەرز قسە مەکەن هەروەکوو و لەگەڵ یەکتر داخێون و بە دەنگی بەرز قسە دەکەن، نەوەکوو ئاکامی کارتان پووچەڵ ببێ و تیابچێ و ئاگادار نەبن، بە خۆتان نەزانن ﴿٢﴾ کەسانێ کە لای پێغەمبەری خوا دەنگیان نزم دەکەن، ئەوانە کەسانێکن کە خوا دڵیانی بۆ پارێزگاری، ئەزموون و تاقی کردۆتەوە، هەر بۆ ئەوانە لێخۆشبوون و پاداشی گەورە ﴿٣﴾ بەراستێ کەسانێ کە لەودیوی هۆدەکانەوە بانگت دەکەن زۆربەیان ئاوەزیان نییە ﴿٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi